Kurdistannet کوردستان نێت

# لە دورگەی گۆتلاند

## لە بەرنامەی ناساندنی پارتەکانی سویدا

## پرسی  کورد و دۆزی ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە بەفەرمی باسکرا

**وەک نەریتێکی سالانەی حکوومەتی سوید هەموو ساڵی سیاسەتمەداران و هەموو پارتەکانی ئەم وولاتە لە مانگی پووشپەڕدا (July) لە دورگەی گۆتلاند  لە شاری دڵڕفێنی ڤیسبی کۆئەبنەوە بۆ پێشکەش کردن و ناساندنی بەرنامەی پارتەکانیان کە بە (Almedalen) ناسراوە، هاوزەمان ڤیستیڤاڵی ئەم ساڵی ( push-up ) لە ژێر ناوونیشانی ڤیستیڤاڵێک بۆ فێمێنیزم و یەکسانی وفرە فەرهەنگی لە ڕۆژانی ٣   ٧/٧-بەڕێوە چوو بە بەشداربوونی زۆربەی ڕێکخراوەو کەسایەتیە فێمێنیستەکانی سوێد. لەمیانەی بەشداربوونم لەم ڤیستیڤاڵەدا وەک ژنێکی کورد و ئەندامێکی ڕێکخراوەی چاک ئەم دەرفەتەم بە هەلزانی بۆناساندنی ڕێکخراوەی چاک هەروا بانگێشە کردنی ناوەندی سویدیش بۆ بانگەوازەکەی ڕێکخراوەکەمان بۆ خۆپیشاندانە سەراسەریەکەی ڕۆژی ٢١ /٨ کە ڕۆژی دادگایی کردنی سەدامی دیکتاتۆرە لەسەر دۆزی ئەنفال بۆ بەردەم باڵوێزخانەکانی عێراق لە وولاتانی دەرەوە بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە دادگاییکردنەکە و پێشکەشکرنی داواکارییەکانمان . لەم ریپۆرتاژەدا تێڕوانینی هەندێک لە ڕۆشنبیرانی سویدی لەسەر پرسی ڕەوای کورد هەروا دۆزی ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە ودادگاییکردنی دیکتاتۆر دەخەینە ڕوو.**

**ڕوناک شوانی/  دورگەی گۆتلاند/ سوید**

### مریەم چات: ئەندامی پارتی فێمێنستی دەستپێشخەر Fi:

### با سەدام لە هەڵەبجە دادگایی بکرێ

لە هەموو شوێنیک کاتێ جەنگ و شەروکوشتارروئەدا ژن و منداڵ یەکەمین قوربانین. کاتێکیش هەموو کۆمەڵگە میلیتاریزە ئەکرێ توند و تیژی ئەچێتە ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەروا ناو بنەماڵەو خێزانیشەوە ،لە جەنگا ژن بە هەموو شێوەیەک تووشی هەڵاواردن و دەستدرێژی و ئەبێتەوە، کە ئەمەش ئەبێ وەک یەکێ لە تاوانەکانی جەنگ بژمێردرێ و ئەوانەی توند و تیژی دژ بە ژن بەکاردێنن سزا بدرێن. دیارە ئەم بابەتە لە دادگای لاهای باسی لێکرابەڵام ئەبی ئەم بابەتە زیاتر بەرجەستە بکرێ و بە جیددی کاری بۆ بکرێ

من وێرای پشتیوانیم بۆ بانگەوازەکەتان داوا ئەکەم کە دادگایی کردنەکە لە هەڵەبجە بکرێ بەبەر چاوی قوربانیان وکەس و کاری قوربانیان قسەی خۆیانی لەوێ بکەن ، دادگاییەکی دوور لە دەسەڵاتی ئەمەریکا.

### ئیدا گابریلسۆن لێپرسراوی لاوانی پارتی چەپی سوید لە ستۆکهۆلم :

### ئێستاکاتی ئەوە هاتووە کە کورد دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ

من دەست خۆشیتان لێئەکەم بۆ ئەم کامپینە و پشتیوانی خۆمتان پێ ڕائەگەیەنم ، بەڵام ئەوەی کە گرینگە بۆ ئێمە وەکو گەنجێک ئەوەیە کە سوید ئەبێ گۆڕانێکی بنەڕتی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی بکا ، ئەبێ





ماریا

بەشیوەیەکی فراوانترلەسەر پرسە گرینگەکانی جیهان هەڵوێست وەرگرێ وەک مافی چارەی خۆنووسینی میللەتی کورد و پرسی فەڵەستین و سەحرای رۆژئاوا . تا ئێستاش هەڵوێستی سیاسی سوید لەوپرسانە ترسنۆکانەیە وبە بێدەنگی وەک چاودێرێک لە دوورەوە لەو مەسەلانە ئەڕوانێ . تێڕوانینێکی ئازار بەخشە کە لەسەر مەسەلەی مافی مرۆڤ بێدەنگ بین ، ئەبێ بارو دۆخەکە زیاتر مرۆڤدۆستانەتر بکرێ ، بەهای مرۆڤ لەبەر چاو بگیری نەک بازرگانیکردن بە چەک و ماددەی کیمیایی ئەوەی کە لە هەڵەبجە ڕوویدا یان کە کورد ئەنفال کرا یان ڕووداوی هاوچەشنی ئەو ڕووداوانە ئێستاش لە شوێنی ترڕووئەدا هەموو جیهان بە سویدیشەوە ئەو کاتەو ئێستاش هەر بێدەنگن. سوید زۆر جار شوێن پێی سیاسەتی ئەمەریکا ئەگرێتە بەرو لە ڕووداوەکان هەڵوێست وەرناگرێ . ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کورد دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ وەک هەموو میللەتانی جیهان.

## ئەلبێرتۆ سیلڤۆ ڕۆژنامەنووس لە پەیکی هێلسنگبۆری:

## فەرمانڕەوایانی ناوچەکە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە تاوانەکانی سەدام بێدەنگ بوون

وێرای پشتیوانیم بۆ کامپینەکەتان ، ئەوە گومانی تیا نییە کە ئەبێ سەدام و هەر کەسێ کە هاوکاری کردووە لە تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال بدرێنە دادگا و سزای خۆیان وەرگرن. دیارە سەدام دەوریکی باڵای هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، زۆربەی دەوڵەتانی

ناوچەکە و ئەو فەرمانڕەوایانەی کە زۆربەیان تا ئێستاش فەرمانڕەوای هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکەن بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ناوچەکە بە هەموو شێوەیەک پشتیوانیان لێئەکرد بێدەنگ ئەبوون لە تاوانەکانی . هەر ئەو وڵاتانەشن تا ئێستا دان بەوە نانێن کە کورد میللەتێکی سەربەخۆیە و نا عەدالەتێەکی مێژووییە کە کورد تا ئێستا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە.

## هانا پیتەرسۆن شێوەکار و کاریکاتێریست:

## ئەبێ سەدام وەک دیکتاتۆرێک و وەک تاوانبارەناودارەکانی مێژوو دادگایی بکری و سزا بدرێ

پشتیوانی ئەم کامپینە ئەرکی هەمووکەسێکی مرۆڤ دۆستە،من دژ بە حوکمی ئیعدامم بەڵام بە داخەوە لەو کاتەدا کە سەدام ئەو تاوانانەی دژ بە کورد ئەنجام دا هەموو جیهان چاوی خۆیان بەست بۆ ئەوەی نەوت بەرنەوە.



هانا

بەهای مرۆڤیان بۆ گرنگ نەبووبەڵکو بەرژەوەندی ئابووریان بەلاوە گرینگتر بوو، وایان لە گەلانی خۆیان گەیاند کە ئەوە کێشەی ناوخۆی عێراقە ونابێ دەستی تێوەردەن. ئێستاش ئەبێ سەدام وەک دیکتاتۆرێک و وەک تاوانبارە ناودارەکانی مێژوو دادگایی بکرێ وسزا بدرێ، هەر کەسێکیش هاوکاری کردووە لەو تاوانانە ئەبێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ و سزا بدرێ. من خۆم لە کامپینێک لەگەڵ کوردەکانی سوید بەشداربووم ، هەرچۆن ئەبوا نەتەوە یەکگرتووەکان و سوید بێدەنگ نەبونایە لەجینۆسایدی کوردو کیمیا بارانی هەڵەبجە هەروا پێویستە ئێستا دان بەوەدا بنێن کە ئەوە مافێکی مێژوویی کوردە کە خۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆوئازاد ئەمەش ئەبوا دەیان ساڵ پێش ئێستا ڕوویبدایە . ئەم پرسە ئەبێ بە هەندبگیرێ و باسی لێوە بکرێ وەک مافی میللەتێک گرنگی پێ بدرێ.

## ماریاپیا بۆیتیوس نووسەرو ڕۆژنامەوان:

## کە دەنگی کورد گەیشت بە جیهان زانیمان چ بێمافییەک بەو میللەتە ئەکرێ

سەدام تاوانبارێکی گەورەیە وئەبێ دادگایەکی دادپەروەر دادگایی بکا و لە کوردستان دادگایی بکرێ کە ئەمەریکا دژ بەوەیە. بەداخەوە لە کاتی ڕووداوەکانی هەڵەبجە وئەنفالدا ئێمە زانیارییەکی کەممان لەو بارەوە زانی . ئەو کاتە ئۆڵف پاڵمە سەرۆک وەزیران بوو ، ئەو خەریکی ووت ووێژ بوو بۆ ڕاگرتنی جەنگی ئێران وعێراق وپرسی کورد پشتگوێ خرا، دنیا لەو تاوانە گەورەیە بێدەنگ بوو، بەڵام لەم چەند ساڵانەی دواییدا بەۆی گلوبالیزە بوونی پەیوەندییەکان کە دەنگی کورد بە جیهان گەیشت زانیمان چ بێمافییەک بەو میللەتە ئەکرێ. کورد مافی خۆیەتی کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ و شێوەی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ لە وڵاتی خۆیا زمان وکولتورو مێژووی خۆی بپارێزێ من هەر ئەو ئارەزووە بۆ فەلەستینییەکانیش ئەخوازم ، ئێمە نامانەوێ چیتر لەو ناوچانەدا جەنگ دژ بە کورد و فەلەستینیەکانیش بەرپا بکرێ.